# ناچێتە دۆزەخەوە ئەو کەسەی پێش خۆر هەڵهاتن وپێش ئاوابوونی خۆر نوێژ ئەنجام بدات

لە ئەبی زوهەیر عومارەی کوڕی ڕوئەیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-
دەفەرموێت: «ناچێتە دۆزەخەوە ئەو کەسەی پێش خۆر هەڵهاتن وپێش ئاوابوونی خۆر نوێژ ئەنجام بدات».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە هەرکەسێك بەردەوام بێت لەسەر ئەنجامدانی نوێژی بەیانی ونوێژی عەسر؛ ئەوا ناچێتە دۆزەخەوە، وبە تایبەت باسی ئەم دوو نوێژەی کرد چونکە لە قورسترین نوێژەکانن، نوێژی بەیانی: لەکاتی ئەوپەڕی چێژوەرگرتنە لە خەوی شەو، ونوێژی عەسر: لەکاتی سەرقاڵبوونە بە کاری ڕۆژ وبازرگانی کردن، بۆیە هەرکەسێك بەردەوام بێت لەسەر ئەم نوێژانە لەگەڵ بوونی ناڕەحەتی؛ ئەوا بەردەوام دەبێت لەسەر نوێژەکانی تر.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6215

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee